رێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت / ROPT

# هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەریی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان



ڕوونبین

نیسانی ٢٠٢٠

ئامادەکردنی:

یادگار صدیق گەڵاڵی و فریا کاڵێ

www.roonbeen.org

# هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت

# و

# کاریگەریی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی

**یادگار صدیق گەڵاڵی**

ماستەر لە بواری بەڕێوبردنی نەوت و گاز

**فریا کاڵێ**

ماستەر لە بواری بەڕیوبردنی کار

ژمارەی تۆماری ڕوونبیین لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان: 3486-L

پەیوەندی

ئیمەیڵ: Contact@roonbeen.org

تەلەفون: 9647731601994/ 00447462776161

## خشتەی بابەتەکان

پێشەکی .......... 4
ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لە جیهان .......... 4
سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرونا و کاریگەرییەکانی .......... 5
توانای ئەمبارکردن .......... 6
شێوازی مامەڵەکرن بەنەوتەوە .......... 7
گرێبەستی خێراSpot Contract .......... 7
کاریگەریەکانی لەسەر هەرێم .......... 8
دەرئەنجام .......... 8
ڕاسپاردە .......... 9

# پێشەکی

لە سەرەتای دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٠ گۆرانکاری چاوڕوان نەکراو وگەورە بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەجیهان روویدا و لە ئەنجامی ئەو رێوشوێنە توندانەی گیرایە بەر بۆ بەرگری کردن لە بڵاوبونەوەی ئابوری جیهان تووشی تەنگژەو قەیرانی قوڵ بویەوە کە بە هۆیەوە دابەزینی نرخی نەوتی لێ کەوتەوەو قەیرانی دارایی لە زۆرێك وەلاتانی جیهان دروست کرد، تەنانەت وەڵاتە زلهێزەکانی وەك ئەمریکا و چین بەدوور نەبوون لەم قەیرانە. بەڵام بۆ وەڵاتانی بەرهەم هێنی نەوت کە سەرچاوەی سەرەکی داراییان پشتبەستنە بە داهاتی نەوت کێشەی گەورەتر درووست بوو. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو شوێنانەی کە هەتا ئەم ساتە وەختە پشتی بە یەك سەرچاوەی داهات بەستووە ئەویش نەوتە، وە ئەو بەشە بودجەیەی کە لە حکومەتی ناوەندی عیراق وەریدەگریت هەر پەیوەستە بە رادەستکردنی نەوت. لەم راپۆرتەدا رێکخراوی روونبیین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەکانی نەوت هەوڵ دەدات کە سەردێکی خێرا بکات بۆ هۆکاری درووستبوونی قەیرانی نەوت لە جیهان و کاریگەرێکانی لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێم بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی باوەپێکراو.

# ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لە جیهان

بە پێی راپۆرتی پەیمانگەی بەرێوبردنی زانیاری و وزەی ئەمریکا،بەرهەمی نەوت لە جیهاندا لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ دا ١٠٠ ملیۆن بەرمیل بووە لە رۆژێکدا، ولە هەمانکاتدا خواست لەسەرنەوت کەمتربووە، سەرەڕای بوونی رێکەوتنی وڵاتانی ئۆپیك پلەس لە کۆتایی ٢٠١٦ و چونە بواری جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکەلە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧وە بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەم هێنانیان بەڵام هێشتا بری یەك ملیۆن بەرمیل زیاتربووە لە پێداویستی بازاڕبە پێ لێدوانی فاتیح بیرۆل بەرێوەبەری جێبەجێ کارلە ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی.

ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ نرخی نەت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی بەهۆی خستنەڕوی زۆری نەوت بۆبازار، وڵاتانی ئۆپیك بەسەرکردایەتی سعودیەو دەرەوەی ئۆپك بەسەرکردایەتی روسیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا هاوپەیمانیەکیان پێکهێنا لەپێناو رێگری کردن لە دابەزینی نرخی نەوت بە کەمکردنەوەی بەرهەم. نرخی نەوت لەو ماوەیەدا لە ٢٠١٤ دا لە ١٢٠ دۆلارەوە دابەزی بۆ ژێر ٣٠ دۆلار لەمانگی شوباتی ٢٠١٦ دا، کە ئەوکات بۆ چەند رۆژێکی کەم نرخی نەوتی تەکساس دابەزی بۆ ٢٧ دۆلار وە برێنت لە ٣٠ دۆلار دابوو . ئەم رێکەوتنە بەهۆی پابەندی وڵاتانی نێو هاوپەیمانیەکە بەو رێژەیەی بۆیان دانرابوو بە هێواشی کاریگەری دروست کرد لەسەر بەرز کردنەوەی نرخی نەوت و کەم کردنەوەی ئەو برە زیادەی کە لە ئەمبارەکاندا بەهۆی دابەزینەوە کەڵەکە بوو بوو ، تا وای لێهات لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩ دا نرخی نەوت گەشتە ٧٠ دۆلار و پاشتریش لە سەرو ٦٠ دۆلارەوە جێگیربوو.

# سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرونا و کاریگەرییەکانی

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ وەکە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین سەری هەڵدا, هەر زوو کاریگەریەکانی لەسەر نرخی نەوت بەهێواشی دەرکەوت و بینیمان بازاڕی نەوتیش نەخۆشە، بۆ نمونە کاتێك لەمانگی کانوونی دووەم دا بەهۆی کێشەناوخۆیەکانی لیبیاوە ئاستی بەرهەمی ئەو وڵاتە دادەبەزێت بۆ ٧٢ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە، واتە زیاتر لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمی ڕۆژانە کەم دەکات، لەهەمانکاتدا ئێران و ڤەنزوێلا گەمارۆیان لەسەرە وناتوانن تەواوی پشکەکانین لەبازاڕدا بفرۆشن، لەباروذۆخێکی واداا چاوەڕێ دەکرێت نرخی نەوت بەرز ببێتەوە بەڵام بینیمان کە نرخی نەوت لەو کاتەشدا دابەزی.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی وزەی جیهانی لەمانگی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ نەوتی زیادە لە بازاڕدا ڕۆژانە ١ ملیۆن بەرمیل بووە، بەمانایەکی تر ١٪ بەرهەمی جیهان.دەتوانین بڵێن کاتێك ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لە چین بڵاوبۆوە سەرەتایەك بوو بۆ قوڵبونەوەی زیاتری کێشەی نرخی نەوت لە جیهان

بە پەرەسەندنی ڤایرۆسەکە و بڵاو بونەوەی بەجیهاندا کاریگەرییەکانی لەسەر ئابوری جیهان بەخێرایی دەرکەوت و بەتایبەت خواست لەسەر نەوت، بەڵام دانیشتنی وڵاتانی ئۆپێك پلەس لە ٢٠٢٠/٣/٦ بۆ کەمکردنەوەی زیاتری بەرهەمی نەوت لەسەر داخوازی سعودیە و رێك نەکەوتنی روسیا لەسەر کەمکردنەوەی زیاتری بەرهەمی نەوت پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی سعودیەبوو. ئەوە بوو روسیا ڕایگەیاند کە هەموومان سەرپشکین چەند نەوت بەرهەم دەهێنین لەبەرواری ٢٠٢٠/٤/١ وە .ئەمە هەڵوێستە بوو بە هۆکاری هەڵگیرساندنی ئاگرێك کە کوژانەوەی ئەستەم بووە، وە دواتر سعودیەش بڕیاری زیادکردنی بەرهەموو داشکاندنی نرخی بۆ کڕیارەکانی دا . ئەم هەنگاوە بە ڕاگەیاندنی جەنگی نرخ لەلایەن سعودیەوە دژی روسیا ناوزەد کرا. بەڵام دەبێت بزانین ڕووداوەکانی ٢٠٢٠/٣/٦ تەنها فویەك بوو لە مەڵۆکە و هاوکار بوو بۆ کەوتنەوەی ئاگرەکە، ئەگینا هەر دەبوایە ئەو ئاگرە بەشێوەیەك لەشێوەکان دابگیرسێت, چونکە لە مانگی شوبات و ئازاردا ئەو ڕێوشوێنانەی کە گیرایەبەر لە ترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتە گەورە بەکاربەرەکانی نەوتی جیهان کە لەهەمانکاتدا وڵاتانی گەورەی پیشەسازیشن هۆکاری دابەزینی خێرای نرخی نەوتە. چۆن؟

کاتێك ئەو وڵاتانە بڕیاردەدەن دەبێت هاوڵاتیان لەماڵەکانیان کەرەنتین بکرێن و هەموو شوێنە گشتییەکان دادەخرێت و هاتوچۆ بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێت ،ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاستی تاکدا بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیل بگاتە ئاستێکی زۆر نزم و هۆکاری گواستنەوەی ئاسمانیش بەهەمانشێوە بەهۆی داخستنی ئاسمانی وڵاتان بەڕوی گەشتەکاندا وە هەروەها هۆکاری گواستنەوەی گشتی وبازرگانیش بۆ نزمترین ئاست دابەزێت.

نەوتی خاو تەنها لە رێی پاڵاوتنەوە دەتوانین سودی لێ ببینین وە بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمەریکا ٧٣% بەرهەمی نەوتی خاو بریتییە لە بەنزین و دیزڵ و بەنزینی فرۆکە، بۆیە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی کەم بونەوەی خواست لەسەر نەوت دەگەڕێتەوە بۆ مانەوە لەماڵەوە و داخستنی شوێنە گشتیەکان (کەرەنتین)وە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی دابەزینی نرخی نەوتە، واتە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر٧٣٪ی بەرهەمی نەوت دروست دەبێت.

# هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان

وولاتانی بەرهەم هێنی نەوت و بەکاربەریش لەمەترسی بارودۆخەکە تێگەشتوون بۆیە هەر زوو داوای کەمکردنەوەی بەرهەمیان کرد تاوەکو هاوکاربن لە کەمکردنەوەی خستنە رووی نەوت لەبازاڕدا

لە بەرواری ٢٠٢٠/٤/٩ وڵاتانی ئۆپیك پلەس و دواتریش لە ٤/١٠ وڵاتانی G20 رێکەوتن لەسەر ئەوەی لە سەرەتای مانگی ئایارەوە بەرهەم هێنەرانی نەوت لە هاوپەیمانی ئۆپیك پلەس و دەرەوەی هاوپەیمانیەکە بەیەکەوە بڕی ٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوت کەم بکەنەوە، کە دەکاتە ٢٠% ی بەرهەمی جیهان .بەڵام خواست لەسەر نەوت بەهۆی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کرد ئێستا لە ٣٥٪ کەمی کردووە، کە دەکاتە ٣٥ ملیۆن بەرمیل. واتە ئەگەر ئەو رێکەوتنە ١٠٠٪ وەك خۆی جێبەجێ بکرێت هێشتا ١٥ ملیۆن بەرمیل زیاتر لە پێداویستی بازار دەخرێتە بازاڕەوە. بۆیە نرخی نەوت هەر لە دابەزینداية، چونکە کاتێك نەوت خواستی لەسەر نیە و کڕیاری نابێت پەنا بۆ ئەمبارکردنی دەبرێت وبەو هۆیەشەوە بە خێراییەکی بێوێنە ئەمبارەکان پڕ دەکرێن. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە تاوەکو چەنددەتوانرێت نەوتی زیادە ئەمبار بکرێت و توانای ئەمبارەکان چەندن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوەیە تێبگەین لە جۆرەکانی ئەمبار کردن و توانای ئەمبارکردن

# توانای ئەمبارکردن

دوو جۆری ئەمبارکردن هەیە لەجیهاندا، ئەمبارکردن لە وشکانی و ئەمبارکردن لە ناو دەریاکان. ئاست و توانای ئەمبارەکان دیاری کراوە کە تێکرا لەوپەڕی تواناياندا دەتوانن بڕی ٨.٩ ملیار بەرمیل نەوت ئەمبار بکەن. لەدیارترین ئەمبارەکانی ئەوروپا ئەمباری رۆتەردامەلە هۆڵەندا وە لەئەمەریکاش ئەمبارەکانی کۆشین (Cushing) لەماوەی ئەم چەند مانگەدا بەبەردەوام خواست لەسەر نەوت و بەرهەماکانی کەمی کردووە تائێستا رێژەی ٣٥٪ی خواست کەمبوەتەوە.

هەروەها بە پێی راپۆرتی ستاتیستا (Statista) کە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەندە بە داتاو زانیاری، توانای ئەمبارکردنی نەوت لە جیهان نزیکەی ٩ ملیار بەرمیل نەوتە، لەم ژمارەیە بڕی ٦.٤ ملیار بەرمیل نەوت لە ناو دەریادا ئەمباردەکرێت لە رێگای جۆری جیاوازی کەشتی کە هەندێکیان توانای ئەمبارکردنیان دەگاتە ٣.٥ ملیۆن بەرمیل. هەر بە پێی داتاکانی ستاتیستا هەتا ٢٠٢٠/٤/١٠ بڕی ٧.٢ ملیار بەرمیل نەوت لە کۆگاکانی ئەماباركردن لە وشکانی و دەریادا ئەمبارکراوە. تەنها توانای ئەمبارکردنی ١.٧ ملیار بەرمیل ماوەتەوە تاوکو بەتەواوەتی ئەمبارەکان پڕ ببێت.

بەسەیرکردنی ئاستی بەرهەم هێنان و خواست لەسەر نەوت، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە بە رێژەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو و زۆر بەخێرایی ئەو نەوتەی لەخواست زیاترە کە بەپێی راپۆرتە جیهانییەکان لە نێوان ٣٠٪ بۆ ٣٥٪ بۆ ئەمبارکردن لە کۆگاکان دەروات، تاوەکو ٢٠٢٠/٤/١٧ گەورەترین کۆگای ئەمبارکردن لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆگای کۆشین لە ولایەتی ئۆکلاهۆما کە لە ٧٧٪ی پڕبووەتەوە. و لە ٢٠٢٠/٤/٢٠ کۆمپانیای رۆیاڵ ڤۆپاڵ کە گەورەترین کۆمپانی تایبەتی ئەمبارکردنە دەڵێت نزیکین لەوەی هیچ شوێنی ئەمبارکردنمان نەمێنێت.

بەهۆی مەترسی پڕبونی ئەمبارەکانی نەوت کەشتیگەلێکی زۆر بەکرێ گیراون لەلایەن وڵاتانی گەورە وەبەرهێنی نەوتەوە ئەمەش وای کردووە داخوازی زۆر بێت لەسەر کەشتیە نەوت هەڵگرەکان و نرخیان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادبکات. بەپێی زانیارییەکانی وڵ ستریت جۆرناڵ کرێی کەشتیەکی گەورەی نەوت کە توانای بارکردنی ٢ ملیۆن بەرمیلی هەبێت بۆ هەربەرمیلێك ٤.٥ دۆلار کرێی مانگانەیە واتە ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار دۆلار کرێی کەشتیەکەیە کە لەکاتی ئاسایدا ئەو نرخە٢٥ هەزار دۆلار بووە. هەربۆیە وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت پەنا بۆ داشکاندن دەبەن لەنرخی نەوتەکەیان تاسەرنجی کڕیارەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.



(سەرچاوە: سایتی Marine in Sight)

## شێوازی مامەڵەکرن بەنەوتەوە

دوو شێوازی جیای گرێبەستی نەوت هەیە، گرێبەستەکانی ئایندە Future Contracts وە گرێبەستی خێرا Spot Contracts.

### گرێبەستی خێرا Spot Contract

نرخی گرێبەستی خێراو دەستبەجێ ڕەنگدانەوەی نرخی ئێستای بازاڕی نەوتە لەکاتێکدا گرێبەستی ئایندە Future Contracts ڕەنگدانەوەی نرخێکە کە کڕیارەکان ئامادەن بیدەن لە ڕۆژی ڕادەستکردنی نەوتەکە Delivery Date کە لە کاتێکی ئایندەدا دەبێت.

نرخی ئایندە هیچ گرەنتیەکی نییە کە لەکاتی ڕادەستکردندا بەهەمان نرخ بێت یان هەمان نرخ دەکات بەمانایەکی تر پێشبینییەکە لەوکاتەداکراوە کە لەئایندەدا نەوت بەو نرخە دەبێت. گرێبەستی شمەك کڕین و فرۆشتنەکە لەبازاڕی خێرا Spot Market یەکسەر کارا دەبێت و پارە و ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت،وە کڕیاریش قبوڵی دەکات کە نەوتەکەی بۆ بگوێزرێتەوە.

سەبارەت بە داواکاری لەسەر ڕادەستکردنی نەوتی خێرا کەمترە بەبەراورد بە ڕادەستکردن لە ئایندەدا.

واتە گرێبەستی ئایندە Future Contracts زیاتر بەربڵاوە و مامەڵەی پێوە دەکرێت لە لایەن بەرهەمهێن و بەکاربەرەوە.

**گرێبەستەکانی داهاتوو Future Contracts:**
ڕیکەوتنەکە بۆ کڕین یان فرۆشتنی بڕێك کە پێشتر دیاری کراوە لە نەوت بەنرخێکی پێشوەخت دیاری کراو، وە لەڕۆژێکدا کە پێشتر دیارییان کردووە. کاتێك گرێبەستێکی ئایندە دەکرێت، گرێبەستەکە ئیمزا دەکرێت لەلایەن کڕیار و فرۆشیارەوە و ڕێژەیەکی سەدی پارەدەدرێت وە ڕۆژی کۆتایی گرێبەستەکە دیاری دەکرێت. ئەگەر پێش ئەو بەرواره کڕیارەکە لە گرێبەستەکە دەرنەچێت بەوەی بیفرۆشێتەوە ئەوا لەو بەروارەدا نەوتەکەی بۆ دەگوازرێتەوە.

# کاریگەریەکانی لەسەر هەرێم

هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر بەرز پشتی بەداهاتی نەوت بەستووە، هەر گۆرانکاریەك لە جیهاندا کاریگەری لەسەر نرخی نەوت هەبێت ڕاستەوخۆی ڕەنگدانەوەی لەسەر داهات و ئابووری هەرێم دەبێت. ئەوەی لە ئێستادا ئەبینین نرخی نەوت دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمان کرد.

هەرێمی کوردستان بە دوو شێواز مامەڵە بە نەوتەوە دەکات، بڕێکی نەوتەکەی لە ڕێگای فرۆشتنی پێشوەخت کە لە ساڵانی ٢٠١٦ بەدواوە پێشوەخت پارەکەی وەرگرتووە و فرۆشتویەتی بە کۆمپانیاکانی وەك گلینکۆر، ڤیتۆل، پیتراکۆ، ترافیگۆرا و ڕۆزنەفت. ئەم جۆرە هەرێم دەبێت بە پێی گرێبەستەکانی کە کردویەتی بیدات بەو کۆمپانیانە. ئەم جۆرە حکومەتی هەرێم پێشوەخت پارەکەی وەرگرتووە وە هیچ داهاتێکی نوێی لێ دەست ناکەوێت.

جۆری دووهەم ئەو نەوتەیە کە لە پاش لێ دەرکردنی نەوتی پێشوەخت فرۆشراو دەمێنێتەوە، حکومەت خۆی دەیفرۆشێت لە بازاڕدا وە پشکی کۆمپانیاکانی نەوتی لێ دەدات.

لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ ئاستی بەرهەم هێنانی نەوتی حکومەتی هەرێم ڕۆژانە ٤٥٤ هەزار بەرمیل نەوت بووە لە ڕۆژێکدا، کە دەکاتە ١٣ملیۆن و ٦٢٠ هەزار بەرمیل لە مانگێکدا. بە پێی شیکردنەوەکانی ڕوونبین کە پێشتر کردوومانە بڕی لە ٤٠٪ بۆ ٤٢٪ داهاتی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ هەرێم.

ئەگەر نرخی نەوتی برێنت بە ٢٠ دۆلار بێت ، ئەوا هەرێم گەر هەروەك پیشوو بە ١٠ دۆلار کەمتر نەوتەکەی بفرۆشیت و هیچ داشکاندنی زیاتر بۆ کڕیارەکانی نەکات، ئەوا هەر بەرمیلێك بە ١٠ دۆلار دەفرۆشێت. کەواتە بەو نرخەی ئێستا داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم نزیکەی ٦٠ ملیۆن دۆلار دەبێت کە دەکاتە ڕێژەی ٨٪ی کۆی مووچەی موچەخۆرانی هەرێم. کە بریتیە لە ٨٩٧ ملیار دینار.

# دەرئەنجام

بەهۆی کاریگەری کۆڤید ١٩ و ئیفلیج بوونی ئابوری جیهان و کەمبونەوەی خواست لەسەر نەوت خستنەڕوی زیادی نەوت بۆ بازاڕ، لەمەودای نزیکدا چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخ ناکرێت، لانی کەم نزمی نرخ چەند مانگێک بەردەوام دەبێت ئەویش پەیوەستە باێاسایی بوونەوەی ژیان و لابردنی بەربەستەکانی هاتوو چۆ لە وڵاتە پیشازییە گەورەکان و بەکاربەرە سەرەکیەکانی نەوت. کاتێك دەڵێین نرخ بەرز دەبێتەوە مەبەست بەرزبونەوەیەکی ڕێژەییە کاتی زۆر دەوێت تا دەگاتە ئەو نرخەی لەسەرەتای مانگی ئازاردا هەیبوو، لانیکەم ساڵی دەوێت بە پێی زۆربەی شیکردنەوەکان.

بۆیە دەبێت هەرێم ئامادەی هانگاونانی گەورە و کاریگەربێت لە بواری چاکسازیدا و هیچ دەرفەتێك لەدەست نەدات بۆ چاکسازی. پێویستە هەرێم چاکسازی لە سیستەمی بەڕیوەبردن بکات وهەنگاوی خێرا و کردەیی بنێت تاوەکو بتوانێت لەئازاری قەیرانەکە کەم بکاتەوە و بەکەمترین زیان لێی دەربچێت.

## ڕاسپاردە

بەدو ئاراستە دەبێت چاکسازی خێرا کە کاریگەرییەکانی ڕاستەوخۆ دەرکەوێت .وەکو چاکسازی لە داهاتی دەروازە سنوریەکان و کۆنترۆلکردنییان و هەلوەشاندنەوەی لێخۆشبونە گومرگییەکان، نەهێشتنی قاچاخچێتی نەوت، یاسای چاکسازی کە نزیکەی سێ مانگە دەرچووە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و هیچ لەوە زیاتر دوانەخرێت. پاراستنی ئاسایشی کێلگە نەوتیەکانە و پیشەسازی نەوت لە لایەن پۆلیسی نەوت و گازەوە بێت و ئەو قەرزانەی کە باسدەکرێت لای کۆمپانیاکانە و مەزەندایان کردووە بە زیاتر لە ۸۰۰ ملیار دینار وەربگیرێتەوە.

ئاراستەی دووەم هاوشان و هاوتەریب دەبێت دەست پێبکات لە گەڵ چاکسازییە خێراکە دا.ئەمەیان کات وهەندێجار گۆڕینی یاساو هەمواری یاسای دەوێت، چاکسازی و پەرەپێدان بە سێکتەری کوشتوکاڵ لە هەرە پێشینەکان بێت، توانای مرۆیی وسروشتی باش هەیە تەنها ڕێك خستن و پلانێکی وردی دەوێت، چاکسازی لە سیستەمی باج دروستکردنی سیستەمێکی مۆدێرن ئەوسیستەمەی باجەی ئێستاهەیە زۆر کۆنە و پێویستی بەگۆڕین هەیە و چاکسازی لە شێوازی کۆکردنەوەی داهاتەکانی هەرێم ، دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان و کۆمپانیاکانی تر بۆ سەپاندنی باج بەسەریاندا، نەهێشتنی قۆرغ کاری و دروست کردنی هەلی یەکسان بۆ وەبەرهێن و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەکان تاوەکو جوڵە بکەوێتە بازاڕ و هەلی کاری نوێ درووست بێت. لەهەمانکاتدا کاتێك چاکسازی دەکرێت دەبێت بڕی قەرز و خاوەن قەرز ئاشکرا بکرێت، وە بۆچی قەرزکراوە و چۆن خەرج کراوە و چەندی ماوە لە گەڵ میکانیزمی دانەوی قەرزەکە.

ئەم ڕێچارانە هەوڵ و ئیرادەی جدی و خێرای دەوێت، لێدانی بەرژەوەندی کەسانی دەسترۆشتوی دەوێت، ئەگەر ئەم هەنگاوانە زوو نەنرێن ئاکامی باشی نابێت و ناسەقامگیری ئابووری و سیاسی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

# سەرچاوەکان:

ئەو سەرچاوانەی پشتی پێ بەستراوە لەم ڕاپۆرتەدا


1. Benoit Faucon and David Hodari, “Behind Oil-Market Gyrations: Few Places Left to Store Unwanted Crude: As coronavirus saps demand, tankers stack up off California coast, near Malta and in Caribbean.” The Wall Street Journal, April 24, 2020, available at: https://www.wsj.com/articles/storage-crisis-worsens-for-glut-of-crude-caused-by-coronavirus-11587755805, visited on 28 April 2020.

2. "Crude Oil", Investopedia, available at https://www.investopedia.com/terms/c/crude-oil.asp, visited on 28 April 2020.

3. "البنك المركزي العراقي يودع رواتب الموظفين في حساب إقليم كوردستان", Rudaw, available at https://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/020320201, visited on 28 April 2020.

4. “Different Types of Tankers: Extensive Classification of Tanker Ships”, Marine in Sight, available at: https://www.marineinsight.com/types-of-ships/different-types-of-tankers-extensive-classification-of-tanker-ships/, visited on 28 April 2020.

5. N. Sönnichsen, “Global onshore and floating oil storage capacity 2020”, Statista, April 1, 2020, available at: https://www.statista.com/statistics/457891/global-oil-storage-capacity/?fbclid=IwAR1gCOvsITGTMae0UiPlz0UvecZ8mI1tUeQog_i3SIetTnEl8BI2C59iRhU, visited on 28 April 2010.

6. “Oil Storage Capacity Completely Sold Out - Royal Vopak” Gasoil News, 22 April 2020, available at: https://steelguru.com/gas-oil/oil-storage-capacity-completely-sold-out-royal-vopak/558500?fbclid=IwAR2b3_QeOalIJJ5VnzifngDizMpfObMWbiZgrtOQAAiUxxyWNut-9Fv6J6U, visited on 28 April 2020.